کەریم زەند

# ئەو مامۆستایەی هەرگیز لەبیر ناکرێت

Biblica IBS

## ڕێکخراوی ببلیکا

هەولێر - بەختیاری - شەقامی ٢٠ مەتری

مۆبایل: ٠٧٥٠٧٣٦٥٥٧٥

ئیمەیڵ: info@kitebipiroz.com

فەیسبووك: www.facebook.com/BiblicaHewler

www. kitebipiroz.com

- ناوی کتێب: کەریم زەند
- ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی: ڕێکخراوی ببلیکا
- چاپی یەکەم، ٢٠١٨
- چاپخانە: ئاسیا
- تیراژ: ١٥٠٠
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٦٧٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە.


مافی چاپکردنی لەلایەن ڕێکخراوی ببلیکاوە پارێزراوە

# ناوەڕۆک

لاپەڕە

پێشەکی ........................................................................ ١
مامۆستا کەریم زەند کێیە؟ ........................................................ ٣
مێژووی کلێتەکەی کەریم زەند .................................................. ٦
کەریم زەند لە کۆماری کوردستاندا ............................................ ٩
بیرۆکەی وەرگێڕانی ئینجیلی پیرۆز ............................................ ١٢
بەرهەمەکانی کەریم زەند .......................................................... ١٩
سەرەتای دەستپێکردنی گەڕیدەیی لەلایەن کەریم زەندەوە ............ ٢٠
کەریم زەند و سیاسەت ............................................................ ٢٤
سەرچاوەکان ............................................................................. ٢٥

# پێشەکی

کاتێـك بـاس لـە مێـژووی کـورد، جوگرافیـای کوردسـتان، مامۆسـتای زمانـی کـوردی، کاری خۆبەخشـی لەنێـو کـورد، شۆڕشـی کـورد و گەڕیدەیـی دەکەیـن، هەرگیـز ناکرێـت نـاوی مامۆسـتا کەریـم زەنـد لەبیربکرێـت.

(چـی بـە کەڵکـی مـرۆڤ دێـت ئەگـەر هەمـوو جیهـان بباتـەوە و خـۆی بدۆڕێنێـت)[1]، یەکێـك بـوو لـەو ڕسـتانەی کـەوا بـەردەوام لـە هـزری کەریـم زەنـدا بـوو، هـەر بۆیـە لـە کتێبـی (سـوری ژیـان) ئـەم ڕسـتەیەی لەپـاڵ چەنـد ڕسـتەیەکی دیکـە لـە لاپەڕەکانـی یەکەمیـدا نووسـیوە. دیـارە کـە ئـەوە یەکێـك لـەو ڕسـتانەی کتێبـی پیـرۆز «ئینجیـل»ە کـەوا مامۆسـتا پێـی سەرسـام بـووە. هەمیشـە لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـووە بتوانێـت سـوود بـە نەتەوەکـەی بگەیەنێـت. هـەر ئـەو بنەمایـە بووەتـە هەوێنـی ئـەوەی کـە کاتێـک گەشـتێك بەنێـو لاپەڕەکانـی ژیانـی کەریـم زەنـددا دەکەیـن، دەبینیـن زۆربـەی ژیانـی بـۆ کاری خۆبەخشـی تەرخـان کـردووە.

مامۆسـتای ناوبـراو چەندیـن سـاڵی ژیانـی خـۆی تەرخـان کـردووە بـۆ ئـەوەی خەڵکـی نەخوێنـدەوار فێـری خوێنـدن و نووسـینی کـوردی بـکات. جگـە لـەوەی لـە ماڵـەوە ئامینـە خانـی هاوسـەری فێـری خوێنـدن و نووسـین دەکات، بـە خۆبەخـش لـە قوتابخانەیـەك خەڵکـی فێـری خوێنـدن و نووسـین دەکات و تەنانـەت بـۆ کەسـانی کـەم دەرامـەت، لەسـەر ئەرکـی خـۆی پێنـووس و تیانووسـی دابیـن کـردووە.

یەکێـك لـە کارە خۆبەخشـییەکانی مامۆسـتا ئـەو بـووە کـە لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـی دەچێتـە خانەقیـن بـۆ ئـەوەی کوردانـی ئـەوێ لـە دەردی نەخوێنـدەواری ڕزگار بـکات.

---

[1] مەرقۆس ٨: ٣٦

گەلێـك جـار ئـەم دڵسـۆزییەی مامۆسـتا بـۆ زمـان و ئەدەبـی کـوردی تووشـی کێشـە و گرفتـی کـردووە، بـە جۆرێـک کـە کەسـانی دڵـڕەش و دژ بـە نەتـەوەی کـورد، دژی وەسـتاونەتەوە و هەوڵـی کپکردنـی کار و چالاکییەکانیـان داوە. ئێمـە لـەم نامیلکەیـەدا هـەوڵ دەدەیـن ئامـاژە بـە بەشـێکی گرنـگ لـە کار و چالاکییەکانـی مامۆسـتا کەریـم زەنـد بکەیـن.

# کەریم زەند کێیە؟

ناوی تـەواوی کەریـم زەنـد حەمـە سالّح حاجـی سـەلیم ئەمینـی چنگینـی لەکـە، کە لـە میرنشـینی چنگیانـی شـارباژێڕ، لەگـەڵ زەنـد و زەنگەنـە و تاڵەبانی و سیامەنسـوری، لـە بەرەبابێکن.

لـە سـاڵی ١٩٢٤ ز. لـە گەڕەکـی مەڵکەنـدی شـاری سـلێمانی لەدایکبـووە. لـە خێزانـی زەندییـە. لـە سـەرەتای دروسـتبوونی سـلێمانی، لـە چارەکـی کۆتایـی سـەدەی هەژدەیـەم، لـەو شـارەدا نیشـتەجێبوونە.

ساڵی ١٩٣٨ تێکـەڵ بـە کاری سیاسـی بـووە. لـە هەریـەك لـە کۆمەڵەکانـی برایەتـی و هیـوا و ئـازادی بەشـداربووە. پەیوەنـدی بەهێـزی هەبـووە لەگـەڵ کۆمەڵـەی هیـوا بـە سـەرکردایەتی ڕەفیـق حیلمـی. لـە کۆمەڵـەی ئـازادی، ژیانـەوەی کوردسـتان، کاژیـک و پارتـی دیموکـرات ڕۆڵـی جیاجیـای بینیـوە.

خوێندنـی ئایینـی و سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە شـاری سـلێمانی تـەواو کـردووە و پاشـان چووەتـە بەغـدا بـۆ تەواوکردنـی خوێندنـی بـاڵا. لـە سـاڵی ١٩٤٤ خانـەی مامۆسـتایانی تـەواو کـردووە.

هـەر لـە قۆناغەکانـی سـەرەتای خوێندنییـەوە خولیـای گەشـت و سـەفەر دەکەوێتـە هزرییـەوە و لـە سـاڵی ١٩٤٥ دەسـتی کـردووە بـە گەشـت و گـەڕان بـە مەبەسـتی ئاشـنابوونی بـە جوگرافیـای تـەواوی کوردسـتان و بەشـێکی زۆریـش لـە جیهـان. هـەر لـەو تەمەنـەوە مەبەسـتی بـووە گەڕیدەیـی بکاتـە پیشـەی ژیانـی.

لـە سـاڵی ١٩٤٠ەوە دەسـتی بـە نووسـین کـردووە و خەونـی سـەربەخۆیی نەتەوەکـەی لـە نووسـنەکانیدا ڕەنگیـان داوەتـەوە. وەك گەڕیدەیـەك هـەر چـوار

پارچـەی کوردسـتان و زۆر لـە وڵاتانـی دونیـا گـەڕاوە. زانیـاری تـەواوی لەسـەر هەمـوو شـوێنەکان و هـۆز و تیـرە و ڕەگـەز و شـێوەزار و مێـژووی کوردسـتانی گـەورە و بەشـێکی جیهـان تۆمـار کـردووە. زۆربـەی گەشـت و گـەڕان و پشـکنینەکانیشی بـە پیـادە بـووە.

مامۆسـتای ناوبـراو لـە سـاڵی ١٩٤٦ بەشـداری لـە دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان لـە شـاری مەهابـاد کـردووە. لـەدوای ڕووخانـی کۆماریـش، لەگـەڵ مـەلا مسـتەفای بـارزانی و ژمارەیـەك لـە هاوخەباتـەکانی، ڕووی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کـردووە و دواتـر گەڕاوەتـەوە بـۆ باشـوری کوردسـتان و لەلایـەن حکومەتـی ئەوسـای ئێراقـەوە دوورخراوەتـەوە بـۆ شـاری بـەسرە.

هـەروەك خێزانەکـەی باسـی لێـوە دەکات، لـەو شارەشـدا ژیانێکـی پـڕ لـە چەرمەسـەرییان بەسـەربردووە. جگـە لـەوەی لەلایـەن حکومەتـی ئەوکاتـەوە چەوسـێنراونەتەوە و سـتەمیان لێکـراوە، هەروەهـا بەهـۆی جیـاوازی نەتەوەیـی و ئایینزاییـەوە لەلایـەن خەڵکـی ئاسـاییەوە چەوسـێنراونەتەوە. هـەروەك دکتـۆر هێـرۆ زەنـدی کچـی دەیگێڕێتـەوە کـەوا منداڵـەکان لەژێـر چاودێـری پۆلیـس سـەردانی قوتابخانەیـان کـردووە، نـەوەکا لەلایـەن خەڵکـەوە ئـازار و پەلامـار بدرێـن.

مامۆسـتا کەریـم زەنـد، خاوەنـی دەیـان پەڕووتوکـی دانسـقەیە لـە بوارەکانـی مێـژوو و جوگرافیـادا. کتێبـی «تۆمـاری تەمـەن»، کـە لـە پێنـج بـەرگ پێکهاتـووە، بـاس لـە جوگرافیـا و شـێوەزارەکانی کوردسـتان دەکات. هەروەهـا یەکـەم کەسـە کـە لـە سـاڵی ١٩٧٢ ئینجیلـی پیـرۆزی بۆسـەر زمـانی کـوردی سـۆرانی وەرگێـڕاوە.

جێـی باسـە، لەبەرامبـەر زەحمـەت و کارەکانـی مامۆسـتادا، چەندیـن خـەڵات و نیشـانەی ڕێزلێنـان لەلایـەن سـەرکردە و ڕێکخراوەکانـەوە پێبەخـشراوە. یەکێـك لـەو خەڵاتانـەی کـە بـە ناوبـراو بەخـشراوە، مەدالیـای ڕێزلێنانـی بارزانییـە. لـە شـاری

سـلێمانیش قوتابخانەیـەك بـە نـاوی کەریـم زەنـدەوە ناونـراوە.

بـەداخ و پەرۆشـییەکی زۆرەوە، لـەڕۆژی ١٠ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠١٧ لـە کاتژمێـر ١٠ی پێـش نیـوەڕۆ کەریـم زەنـد، لـە ماڵەکـەی خۆیـدا لـە شـاری سـلێمانی بـە هـۆی نەخۆشـییەوە لـە تەمەنـی ٩٣ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرد و بـۆ هەمیشـە ماڵاوایـی لـێ کردیـن.

# مێژووی کلێتەکەی کەریم زەند

هەرکەسێك لە نزیکەوە یان لە وێنەدا مامۆستا کەریم زەندی بینیبێت، هەمیشە چاوی بە کلێتەیەك کەوتووە کە بەبەردەوامی هاوڕێ و یاوەری مامۆستا بووە. هەر بۆیە کاتێک کە باس لە کلێتە و مێژووەکەی دەکەین، جێی خۆیەتی ئاوڕێک لە چۆنیەتی دەستخستنی ئەو کلێتەیە و چیرۆکی پشت ئەو کلێتەیە بدەینەوە. لەو بارەیەوە خاتوو چرۆ زەند، کچی مامۆستا کەریم زەند لە نووسینێکیدا دەڵێت:

بۆچی باوکم هەمیشە ئەو کلێتەیەی لە سەر دەکرد؟ دەبێ چیرۆکی کلێتەکەی چی بێ؟

لە خەو هەستا و پاش خۆگۆڕین، کلێتەکەی کردە سەر. بە هێمنی شانی لەسەر سەرینەکەی دادا.

من کەوتمە پرسیار.

ئەویش دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکی کلێتەکەی.

بەپەرۆشەوە گوێم گرت.

کلێتەکەی باوکم دیارییە. دیارییەکی زۆر بەنرخ. بە پارە نانرخێنرێ. تەمەنی ئێستا نزیکەی حەفتا و دوو ساڵە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی جیهانی دووەم.

کلێتەکەی باوکم ڕەنگی خاکییە. لە گڵی سوور دەچێ. بە دەست چنراوە، نەخش و وردەکاری تێدایە، زەخرەفە لە شێوەی شاخ و داخ، دوولای هەیە، دوو

گوڵینگـە، پارچەیەکیـش بـەلای پشـتەملیدا شـۆڕ بووەتـەوە.

باوکـم هەمـوو ڕۆژێـک کلێتەکـەی لەسـەر دەکات. چـوار وەرزی سـاڵ. شـەوانە لـە سـەری دادەگـرێ نزیـك کتێبـخانەکەی لەسـەر کورسـییەك دایدەنـێ. بەیانیـان دەیکاتـەوە سـەری.

لەکاتـی لەسـەرکردنیدا، هەردوولاکانـی بڵنـد دەکاتـەوە، بـە پێچاوپێـچ دەیهێنێتـەوە یـەك. دوو گوڵینگەکانـی بەیـەك دەگەیەنـێ لـە پشـت سـەریەوە دەیبەسـتێ. گوڵینگەکانـی لـە پشـت سـەریەوە هەنـدێ شـۆڕ دەبنـەوە بـۆ سـەر پارچەکـەی بەشـی دواوە و ملـی دادەپۆشـێ.

پاشـان بـە هـەردوو دەسـت چەنـد جـارێ دەسـتی دەهێنـا بەسـەر کلێتەکەیـدا هەتـا تونـد لـە سـەری قایـم دەکـرد، کەمێکیـش بـە لایەکـدا لاری دەکاتـەوە. دواجـار ئـاڵای کوردسـتان لـە یەخـەی چاکەتەکـەی دەدا.

بـەم شـێوەیە هەمـوو ڕۆژێـک باوکـم بـە گـورج و گۆڵـی بـە کلێتەکەیـەوە ڕۆحێکـی زینـدووی لەبـەر خـۆی دەکـرد، بـەو گیانـەوە، پیشـوازی لـە ڕۆژی نوێـی تەمەنـی خـۆی دەکـرد.

کلێتەکـەی باوکـم خەڵاتـە، لەمـەش زیاتـر خەباتـە. خەباتـی زیاتـر لـە شەسـت و پێنـج سـاڵی تەمـەن، (هەتـا کاتی نووسـینی ئـەم نامیلکەیـە، تەمـەنی کلێتەکـە بووەتـە ٧٢ سـاڵی تـەواو!) ئـەو سـاڵانەی ئـەو دەگەڕێننـەوە بـۆ ئەمـڕۆ. ئـەو کاتـە تەمەنـی بیسـت و یـەك سـاڵ بـوو، مامۆسـتای شـۆڕش بـوو. ئـەو شۆڕشـەی ئـاڵای کوردسـتانی تێـدا هەڵکرابـوو.

ئێسـتا و ئـەوکات، لـە مانـگ و خـۆر دەچـن کـە هەرگیـز بەیەکـەوە هەڵنایـەن، بـەڵام هەردووکیشـیان لـە یـەك ئاسـمان هەڵدێـن.

لـە ڕۆژێکـی پـڕ ڕووداودا، زسـتانی سـاڵی ١٩٤٦، لـە بیسـت و دووی ڕێبەنـدان، پێشـەوا قـازی محەممـەد قوتابخانـە بەسـەردەکاتەوە، لەگـەڵ خوێندکارێکـی نیشـتمانپەروەری دیکـەدا، کـە دیارییەکـی لـە دایکییـەوە پێبـووە کـە شایسـتەی پێشـەوا قـازی بـووە. «کلێتەیەکـی چـنراو»، چـنراو بـە دەسـتی دایکێکـی میهرەبانـی شـۆڕش. خێزانـی شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهـری.

پێشـەوا کلێتەکـە دەنرخێنـی، بـەرزی دەکاتـەوە. هێنـدەی نامێنـێ ماچـی بـکات. پاشـان لـەو بەرزییـەدا دەیکاتـە دیـاری بـۆ مامۆسـتای شـۆڕش.

مامۆسـتای شـۆڕش «کەریـم زەنـد» وەریدەگرێـت، ماچـی دەکات، دەیخاتـە سـەر سـەری، هەتـا ئـەو ڕۆژەی کۆچـی دوایـی کـرد بـە ڕێـزەوە ئـەم دیـارە پڕبەهایـەی پاراسـت.

بـەر لـە هەفتـا و دوو سـاڵ ئـەو کلێتەیـە گەلـێ شـوێنی دی، بـەڵام لـە سـەری مامۆسـتا نەکەوتـە خـوار. نـە لـە سـاڵانی خەبـات و ڕۆیشـتن و پەڕینەوەیـان لـە ڕووبـاری ئـاراس و گەیشـتنیان بـە یەکێتـی سـۆڤیەت، نـە لـە هـەژاری کاتـی گەڕانەوەی بـۆ نیشـتمان، ئـەو کاتـەی خێزانەکـەی بێئومێـد بـوون لـە زیندووبـوون و مـانی.

کلێتەکـەی کەریـم زەنـد تەنهـا کلێتـە نەبـوو، بـۆ ئـەو مێژوویەکـی پڕاوپـڕ لـە شـانازی بـوو، خەباتـی سـاڵانی گەلێکـی سـتەمدیدەی لـە پێچاوپێچـی لاکانـی کلێتەکـەدا بـەدی دەکـرد. لـە هەمـان کاتـدا بـۆ گەلەکـەی وەك تاجـی سـەرکەوتن لێـی دەڕوانـی.

# کەریم زەند لە کۆماری کوردستاندا

مامۆستا کەریم زەند، مرۆڤێکی چالاك بووە و لە زۆر بواری جیاوازدا کاری کردووە. مامۆستا یەکێك بووە لەو کەسانەی بە هەست و نەستێکی تەواو کوردانەوە بەشداربووە لە کۆماری کوردستاندا. لە بارەی ئامادەبوونی و چۆنییەتی بەشداربوونی لە کۆماری کوردستاندا، مامۆستا کەریم زەند گوتویەتی:

سەرباری خوێندن، تێکەڵاوی سیاسەت بووم. پاشان چوومەتە ئازەربایجان. دوای ئەوەی کە کۆماری کوردستان دامەزراوە لە ڕۆژی ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ من دامەزرام. دواتر کە ئاڵای کوردستان هەڵکرا، محەممەد قودسی و حەمەخانی کانی سانان وتاریان خوێندەوە، ئێمە لە خوارەوە بووین و دەستمان بۆ ئاڵاکە هەڵدەبڕی و سڵاومان لێدەکرد.

مەراسیمی سوێندخواردنی پێشەوا مەراسیمی ئاڵاکە بوو. ئەو ئاڵایە کە هەڵکرا لەسەر باڵەخانەی دادگایەک بوو لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، منیش تێیدا ئامادە بووم. پێشەوا قازی محەممەد خۆی وتاری دا و گوتی: هەموو گەلێک بە خوێن ئازادییان دەستدەکەوێت؛ بەڵام ئێمە بە شۆڕشێکی سپی؛ بۆیە پێویستە بە خوێن بیپارێزین. دوای ئەوە لەسەر خواست و داوای مەلا مستەفای بارزانی، تەرمێکیان هێنا لە شێوەی حاجی قادری کۆیی و کەسێک تیایدا ڕاکشابوو، لە کاتی هەڵکردنی ئاڵاکەدا، ئاڵاکەی دایە دەستی پێشەوا، کەسی نێو تابووتەکە ڕاست بووەوە و ئاڵاکەی ماچ کرد و ڕاکشایەوە. ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە خەونی هەموو ڕۆشنبیران و نوسەران و شاعیران و هەموو دڵسۆزێکی ئەم گەلە ئەوەیە کە ئەو ئاڵایە ببینێت و لەژێر ئەو ئاڵایەدا خزمەت بکات.

بەداخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان لە ساڵێک کەمتر بوو. من مامۆستا بووم

لـە مەهابـاد. دوای ئـەوە گواسـترامەوە بـۆ بـۆکان. سـەرەڕای ئـەوەی کـە مامۆسـتا بـووم نوێنـەری خـودی پێشـەوا و جێـی متمانـە و بـاوەڕی بـووم.

ئیـتر لـە دوای کەوتنـی کۆمـار، بـە جەنگـی پارتیزانـی لـە خزمەتـی بارزانیـدا لـە نەغـەدە و شـنۆ لـە هەمـوو شـەڕەکاندا بەشـدار بـووم. کیلۆمەتـر بـە کیلۆمەتـر، ڕۆژ بـە ڕۆژ ڕووداوەکانـم نووسـیوەتەوە.

لـە دوای ئـەوەی کـە لـە چیـای گادر بـۆ مـاوەی ١٥ ڕۆژ گەمـارۆ درایـن، سـێ هێـزی گـەورە لەلایـەن دەوڵەتـەکانی ئێـران و ئێـراق و تورکیـاوە هاتبـوون. ئێمـە کەوتبووینـە کەمینـی ئـەو سـێ هێـزەوە. دواجـار توانیـمان وردە وردە بـەدەم شـەڕ و بەرگرییـەوە بـە مـاوەی مانگێـک خۆمـان دەربـاز بکەیـن و بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت بەڕێبکەویـن.

سـەبارەت بـە بیرەوەرییەکانـی ڕۆژانـی کۆتایـی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد، کەریـم خانـی زەنـد یادەوەرەییەکـی تاڵـی خـۆی گێڕاوەتـەوە و باسـی لـەوە کـردووە کـە پێشـەوا قـازی محەممـەد لـە ڕۆژانـی کۆتایـی فەرمانڕەوایيـدا زۆر نیگـەران بـووە، چونکـە زانیویەتـی کەسـی لەگەڵـدا نەماوەتـەوە و کەلوپەلـی خۆراکـی و دراوی پێویسـتی بـۆ بەرگریکـردن نەمـاوە، ئیـتر زانـی هیچـی پێناکـرێ. تەنانـەت لـە دواڕۆژیـدا کاتێـك لـە شـەقام بـەرەو بـارەگای کۆمـار دەچوویـن کـەس لـە کـوردی ڕۆژهـەڵات یـان پێشـمەرگەیەکی ڕۆژهەڵاتـی بەدواوە نەمابـوو، کاتێـك ئـاوڕی دایەوە تەنهـا میرحـاج و ئێمـە نزیکـەی ١٥ کـەس دەبوویـن بـە چـەك و تفاقـەوە بـە ڕیـزەوە یـاوەری بوویـن. پێشـەوا کـە تەماشـای کردیـن فرمێسـك بەچاوەکانیـدا هاتـە خـوارەوە، پاشـان لـە بـارەگای کۆمـار، میرحـاج بـە پێشـەوا قـازی گـوت: پێشـەوا ئێسـتا چـی ئەمـر دەکـەی، فەرمانـت چییـە تاکـو ئێمـە جێبەجێـی بکەیـن؟ پێشـەوا لـە وەڵامـدا پێـی گوتـووە کـە مـن هیـچ فەرمانێکـم نییـە، ئێسـتا ئێـوە پێشـەوان و مـن سـەربازی ئێـوەم. دواتـر میـر حـاج ئـاوڕی داوەتـەوە و گوتویەتـی مـادام پێشـەوا وا

بڵـێ، بـا بڕۆیـن، ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە کۆمارەکەمـان نەمـاوە و هەمـوو شـتێك کۆتایـی پێهاتـووە. پێشـەوا سـواری ئوتۆمبێلەکـەی بـوو، ئـەو ئۆتومبێلـەی کـە لـە باکـۆ وەریگرتبـوو، ڕووسـەکان بـە خـەڵات بۆیـان ناردبـوو. بـەرەو میانـدوواو ڕۆیشـت، ئـەو کات هێـزی سـەربازی ئێـران بـە فەرماندەیـی سـەرهەنگ هەمایۆنـی لـەوی جێگیربـوون.

پێشـەوا خـۆی گەیانـدە لای سـوپای ئێـران، دوای سـێ ڕۆژ ئازادیـان کـرد و گەڕایـەوە لامـان. پاشـان بارزانـی لـە جەبهـەوە بـە پـێ گەڕایـەوە و هـات بـۆ لای پێشـەوا و پێـی گـوت پێـمان خۆشـە وەك سـەرکردەیەکی ڕەسـمی لەگەڵمانـدا بیـت. ئێمـە چـەك دانانێیـن و ئامادەیـن وەکـو پارتیـزان شـەڕ بکەیـن. بـەڵام پێشـەوا قـازی قایـل نەبـوو و گوتـی: مـن بەڵێنـم بـە گەلەکـەم داوە لەخۆشـی و ناخۆشـیدا لەگەڵیانـدا بـم، بۆیـە ئێـرە بەجێناهێڵـم. هەروەهـا بـە بارزانـی گـوت ئـەوا سـەرکردایەتی و خەبـات و ئاڵاکـە تەسـلیم بـە ئێـوە دەکـەم. پاشـان ئاڵاکـەی پێچایـەوە و ماچـی کـرد. ئێمـەش سـڵاوی سـەربازیمان بـۆ کـرد و ئاڵاکـەی تەسـلیم بـە بارزانـی کـرد. ئێمـەش لەگـەڵ مسـتەفا بارزانـی وەکـو هێـزی پارتیزانـی بـەرەو ڕوبـاری ئـاراس ڕۆیشـتین. دواتـر بـەرەو نـاو خاکـی یەکێتـی سـۆڤیەت، بـەڵام لـە ڕێـگادا تووشـی شـەڕی سـوپای ئێـران و ئێـراق و تورکیـا بووینـەوە. ئەوەبـوو هێـزی سـەربازی ئێـران بـەرەو مەهابـاد هاتـن. پـاش سـێ ڕۆژ، لـە دادگایەکـی ڕووکەشـدا فەرمانـی لەسـێدارەدانی پێشـەوا قـازی محەمـەد و دوو لـە هاوڕێکانـی سـەیفی قـازی و سـەدری قـازی لـە گۆڕەپانـی چوارچـرا لـە ڕۆژی ١٩٤٦/٣/٣١ جێبەجێکـرا.

# بیرۆکەی وەرگێڕانی ئینجیلی پیرۆز

لــە دوای ئــەوەی کــە کەریــم زەنــد بەهــۆی کێشــەی نەتەوەییــەوە لــە شــاری سلێمانی دوور دەخرێتـەوە و لـە باشـووری ئێـراق لە شـاری ناسـڕیە نیشـتەجێ دەکرێ، مـاوەی چەنـد مانگێـك بـەردەوام بیـر لـەوە دەکاتـەوە کـە بۆچـی کتێبـی پیـرۆز یـان ئینجیـل بـە زمانـی کـوردی نییـە. هەڵبـەت لـەو ڕۆژگارەدا تەنهـا ئینجیلـی مەتـا بـە زمانـی کـوردی هەبـووە، بـەڵام ئەویـش لـە کوردسـتان بەردەسـت نەبـووە. بۆیـە بـۆ ماوەیـەك بیـر لـەو بابەتـە دەکاتـەوە کـەوا چـۆن دەکـرێ ئینجیـل وەربگێـڕدرێ و پێویسـتە کـێ وەریبگێـڕێ. ئایـا کەسـانێك دژایەتـی ئـەو بابەتـە دەکـەن؟ چ لایەنێـك پشـتیوانی دەکات؟ کۆمەڵێـك پرسـیار بـەردەوام لـە بیـری ئـەو پیـاوەدا گەڵاڵـە دەبـن.

ڕۆژێکیـان لەنـاو جێـگا ڕادەکشـێت و خـەوی لێکەوتـووە، شـتێکی ڕەنـگ کەسـك لـە ئاسـمانەوە دادەبەزێـت و بانگـی دەکات: زەنـد، زەنـد، پێویسـتە هەمـوو نەتـەوەکان بـە زمانـی خۆیـان ئینجیـل بخوێننـەوە، گەلـی کوردیـش پێویسـتی پێیەتـی. فریشـتەکە ئـەو قسـەیە دووپـات دەکاتـەوە: گەلـی کـورد پێویسـتە ئینجیـل بـە زمانـی خـۆی بخوێنێتـەوە. تـۆ ئـەو کارە بکـە و خـودا پشـتیوانت دەبـێ و ڕزگار دەبیـت.

لەگەڵ تەواوکردنی ئەو قسەیە فریشتەکە بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە.

زەنـد لـەدوای ئـەو بینینـە دادەنیشـێت و بانگـی خاتـوو ئامینـەی خێزانـی دەکات و دەڵێـت خـودا پێـی گوتـم کـە پشـتیوانم دەبێـت، کەواتـە مـن دەسـت بـەو کارە دەکـەم. پێویسـتە هـەوڵ بـدەم بگەڕێمـەوە شـاری سـلێمانی.

لـەدوای ئـەو بینینـە زۆر بـە ئاسـانی حکومەتـی ئێـراق ڕێگـەی دەدات بگەڕێتـەوە شـارەکەی خـۆی، سـلێمانی. کەریـم زەنـد پەیوەنـدی بـە قەشـەیەك دەکات لـە شـاری سـلێمانی بـە نـاوی یوسـف پـەری. ئـەم قەشـەیەش بەڵێنـی هـاوکاری پێـدەدات

کـە خۆشـی لـە وەرگێڕانەکـەدا بەشـدار دەبـێ و لـە رووی لاهوتییـەوە سەرپەرشـتی کاری وەرگێڕانەکـە دەکات. بـۆ مـاوەی حـەوت مانـگ کاری بـەردەوام چـوار ئینجیلەکـە و کـرداری نێـردراوان لـە زمانـی فەڕەنسـییەوە وەردەگێـڕن بـۆ زمانـی کـوردی و لەسـەر ئەرکـی خۆیـان بـە نـاوی (ئینجیلـی ڕزگارکـەر) چاپـی دەکـەن و لـە سـاڵی ١٩٧٢ بـڵاوی دەکەنـەوە.

مامۆسـتا کەریـم زەنـد، دوای ئـەوەی لـە غەریبیـدا رووداوی بینینەکـە دەبینێـت و دەگەڕێتـەوە سـلێمانی، لەبـارەی وەرگێـرانی ئینجیلەکـەوە دەڵێـت کـە پـرسی بـە هـەر یـەك لـە شـێخ محمـەدی خـاڵ و مـەلا مسـتەفای بـارزانی کـردووە. لـەو بارەیـەوە دەڵێـت:

هەرچەنـدە مـن لـە کاتـی وەرگێڕانـی ئینجیـل و چاپکردنیـدا پرسـی بارزانیـم کـرد و ئـەو فەرمـان و ڕێگـەی پێـدام و لـە کارەکـەم لاری نەبـوو. هەروەهـا دواتـر پرسـم بـە شـێخ محەممـەدی خـاڵ کـرد کـە پیاوێکـی ئایینـی دیـار و نـاسراو بـووەە. شـێخ محەممـەدی خـاڵ گوتـی ڕەوایـە بـە هەمـوو زمانێـک وەربگێڕدرێـت. هەتـا ئـەوەی کـە بارزانـی گوتـی لەسـەر گیرفانـی خـۆم بـۆت چـاپ دەکـەم. جگـە لـە بەڵێنەکـەی بـارزانی بـۆ یارمەتیـدانی چاپکردنەکـە، قەشـە یوسـف پەریـش گـوتی هەوڵـدەدەم پـارە و یارمـەتی بـۆ چاپکردنەکـەی پەیدابکـەم. بـەڵام پـاش هاتـن و چوونیـی زۆر، بـێ ئەنجـام و بـێ پشـتیوان ماینـەوە. هـەر بۆیـە لەسـەر ئـەرکی خۆمـان ١٥٠٠ دانەمـان لـێ چاپکـرد.

لـەدوای بڵاوکردنـەوەی ئینجیلەکـە بـە زمانـی کـوردی، لەلایـەن چەندیـن کـەس و گروپـەوە، مامۆسـتا کەریـم زەنـد بـۆ چەندیـن جـار دەکەوێتـە بـەر شـاڵاوی هەڕەشـە و بەکافرکـردن (تکفیـر). تۆمەتبـاری دەکـەن بـەوەی کـە لـە دینـی ئیسـلام هەڵگەڕاوەتـەوە و ئینجیلـی بـۆ زمانی کـوردی وەرگێـڕاوە. بۆیـە پێویسـتە بکوژرێـت و فتـوای مەرگـی بەسـەردا دەسـەپێنن.

دوای ئـەوەی چەنـد جارێـك بـە پەیـام و نامـە ئـاگاداری دەکەنـەوە کـە ئەگـەر هەڵەکـەی ڕاسـت نەکاتـەوە ئـەوا دەیکـوژن. بـەڵام مامۆسـتا کەریـم زەنـد پێداگـر دەبێـت لەسـەر کارەکـەی خـۆی و ڕایدەگەیەنێـت کـەوا کارێکـی باشـی کـردووە و خـودا بەڵێنـی پێـداوە کـە لەگەڵـی بێـت و بیپارێزێـت. ڕۆژێکیـان لـە کاتژمێـر حەوتـی بەیانـی لـە دەرگای ماڵەکەیـان دەدرێ، کەریـم زەنـد خـۆی دەچـێ تاکـو دەرگاکـە بکاتـەوە. دەبینێـت دوو پیـاو کەمێـك لـە دەرگاکـە دوورکەوتوونەتـەوە. دەیدەنـە بـەر دەسـتڕێژی گولـە و چەنـد فیشـەکێك لـە سـەری دەدەن، کەسـەکان دێنـە پێـش و تەماشـای دەکـەن بـۆ ئـەوەی دڵنیابنـەوە لـە کوژرانـی. یەکێکیـان بـە دەنگـی بـەرز دەڵـێ: (ئـەو سـەگەمان تۆپانـد!) دواتـر تەقەکـەرەکان دەڕۆن.

دیـارە ئـەو کاتـە لەنـاو ئێـراق و بـە تایبەتـی لـە شـارە کوردییەکانـدا، هەرکەسێك لەگـەڵ چـەك و رووداوی تەقەکردنـدا تێوەگلابایـە، ئـەوا لـە لایـەن حکومەتـەوە زۆر کێشـەی بـۆ دروسـت دەکـرا، هەروەهـا لەوکاتـەدا ئۆتۆمبێلـی فریاکەوتنیـش نەبـووە! لەبـەر ئـەوە هیـچ کەسـێك نەبـووە بیباتـە نەخۆشـخانە و فریـای مامۆسـتا کەریـم زەنـد بکەوێـت! تـا دواجـار یەکێـك لـە دراوسـێیەکانی وەك کارێکـی مرۆیـی دەیباتـە نەخۆشـخانە. بـەڵام خۆشـبەختانە ئـەو فیشـەکانەی کـە پێیکەوتبـوون تەنهـا دەم و لووتـی گرتبـوو و هیـچ شـوێنێکی جێگـەی مەترسـی بەرنەکەوتبـوو!

کاتێـك کەریـم زەنـد دەگەیەندرێتـە نەخۆشـخانەی فریاکەوتـن، بەپێـی یاسـای ئـەو کاتـی پەیڕەوکـراو لـە نەخۆشـخانەکاندا، بەهـۆی ئـەوەی بـە فیشـەك لێـی دراوە و رووداوەکـە تەقەکـردن بـووە، وا پێویسـت بـووە کـە سـەرەتا ڕەزامەنـدی پۆلیـس وەربگـیردرێ بـۆ چارەسـەرکردنی. ئەگـەر کارەکـەش گەیشـتبایە بەردەمـی پۆلیـس، دەبـوو سـەرەتا لـەلای پۆلیـس سـکاڵای لەسـەر تەقەکـەرەکان تۆمارکردبـا. ئـەم کارەش سەرئێشـەی زیاتـری بـۆ مامۆسـتا دروسـتدەکرد. چونکـە هەرخـودی هاتنـەوەی بـۆ سـلێمانی و رازیبـوونی حکومـەت بـە گەڕانەوەکـەی وەك پەرجووێـک وابـووە. ئەگـەر

ماموٚستا سکاڵاکەی توٚمارکردبا، ئەوا بێگومان زوٚر کێشەی دیکەشی بوٚ دروست دەبوو. بەڵام زەند دەڵێ من هەرگیز شکایەت لەو کەسانە ناکەم، گلەییم لێیان نییە، چونکە ئەوان نازانن چی دەکەن و لێشیان ناترسم، چونکە خودا بەڵێنی بە من داوە کە بمپارێزێ. ئیتر پزیشکەکانیش ناوێرن چارەسەری بوٚ بکەن و بە ناچاری بڕیار دەدەن کە برینەکانی تیمار نەکەن، لەبەر ئەوەی ئامادە نییە بچێتە لای پوٚلیس! یەکێك لە پەرستارەکانی نەخوٚشخانەکە، کە ناوی «نەوزاد» بووە، ماموٚستا کەریم زەند دەناسێ، نەوزادی پەرستار دەڵێ ماموٚستا خوٚشبەختانە فیشەکەکان بە شوێنی ترسناکت نەکەوتوون، دەتوانیت بچیتەوە ماڵەوە و من لەگەڵ دکتوٚرێك بە نهێنی دێینە ماڵەوەتان و دەتوانین لەوێ چارەسەرت بکەین! ئیتر ڕوٚژانە ئەم دکتوٚر و پەرستارە سەردانی دەکەن و لەدوای چل ڕوٚژ بە تەواوی چاکدەبێتەوە.

ماموٚستا کەریم زەند لەبارەی ئەو هێرش و هەڕەشانەی کە کرابوونە سەری، بەمجوٚرە باسی کردووە و گوتویەتی.


ئەوانەی کە هەوڵی تیروٚرکردنی منیان دابوو، هەندێک خوٚفروٚش بوون لە بزوتنەوەی ئیسلامی بە هاوکاری لەگەڵ ئەندامانی دەزگای هەواڵگری عێراقی. ئەوکاتە لەژێر بەهانەی جیاجیادا دەستیان کرد بە کوشتنی کورد. لە بەغداد سەیدا ساڵح یوسفیان شەهید کرد. لە هەولێر عەبدولخالق مەعروفیان تیروٚر کرد.

زانیاریم هەبوو کە ئێمە سێزدە کەس لەو لیستەدا بووین کە بوٚ کوشتن دەستنیشانیان کردبووین، یەکێک لەوان من بووم. دوو جار لە بازاڕ تەقەیان لێکردم و بەرنەکەوتم، جاری سێیەم بوٚم هاتنە ماڵەوە و هەوڵی تیروٚکردنیاندام.

لەدوای چەندین ساڵ، کاتێک ڕێکخراوی (IBS) لە ساڵانی نەوەتەکاندا خەریکی وەرگێڕانی تەواوی کتێبی پیروٚز بوو، زەند زوٚر بەو کارە دڵخوٚش بوو، لە

بابەتـی زمانەوانییـەوە وەك ڕاوێـژكار هـاوكاری پڕۆژەكـەی كـردووە، بـەڵام بەهـۆی تەمەنییـەوە نەیتوانیـوە بەشـداری زیاتـر بـكات. لەبـەر ئـەوەی هەتـا ئێسـتا زمانـی كـوردی شـێوەزارێكی سـتاندەری نییـە و وەرگێڕانـی هەندێـك وشـە و دەسـتەواژەی كتێبـی پیرۆزیـش بـۆ زمانـی كـوردی ئاسـان نییـە، گرنـگ بـوو كـەوا كەسـانێكی جوگرافینـاس و مێژوونـاس و زمانـەوان هـاوكاری بكـەن. بێگومـان ئاسـانیش نییـە لـە كۆمەڵگەیەكـی داخـراو كار لەسـەر كتێبـی پیـرۆز بكەیـت، چونكـە ئـەوەی كار لـەو بـوارە بـكات سـزای مەرگـی هەیـە. بـەڵام كەریـم زەنـد هەمیشـە متمانـەی بـەوە هەبـوو كـە خـودا دەیپارێـزێ.

ئێسـتا لـەدوای كۆچـی دوایـی كەریـم زەنـد چەنـد دانەیەكـی كـەم لـەو ئینجیلـە وەرگێـڕدراوە كـە خـۆی كاری وەرگێڕانەكـەی كـردووە لەنـاو ماڵەكەیـدا مـاوە. ئێمـە وەكـو ڕێكخـراوی ببلیـكا، لقـی كوردسـتان، كاتێـك خەریكـی ئامادەكردنـی ئـەم نامیلەكەیـە بوویـن، سـەردانێكی تایبەتمـان بـۆ ماڵـی كەریـم خانـی زەنـد كـرد و بـە تایبـەت داوامـان لـە ئامینـە خانـی خێزانـی كـرد كـە ئینجیلـە وەرگێڕدراوەكـە ببەیـن بـۆ ئـەوەی سـكانی بكەیـن و وێنـەی لەبـەر بگرینـەوە. بـەڵام ئامینـە خـان گوتـی كـە مامۆسـتا بەڵێنـی لێوەرگرتـووم كـە هەرگیـز نابێـت ئـەو كتێبـە لەنـاو ماڵەكـەی ببردرێتـە دەرەوە. ئیـتر دكتـۆر هێـرۆی كچـی دانەیەكـی پێـمان دا بـۆ ئـەوەی سـكانی بكەیـن و وەك ئەرشـیف بیپارێزیـن.


ئینجیلی رزگارکەر

عیسای مەسیح

بەرچڤەی


قەشە یوسف پەری و کریم زەند

١٩٧٢

چاپخانەی ڕاپەرین سلیمانی شەقامی کاوە ت ٩

بەرەزامەندی وەزارەتی ڕاگەیاندنو زانیاری چاپ کرا

**وێنەی لاپەڕەی ناونیشان لە ئینجیلی ڕزگارکەر**



# ئینجیلی مەتتا

## بەستی یەکەم

١ـ بنچینەی زایینی عیسا ، مەسیح کوڕی ئیراهیم .

٢ـ ئیبراهیم ئیسحاقی لێ بوو وە ئیسحاق یەعقوبی لێ بوو وە یەعقوب یەهوداو برایانی لێ بوون .

---

مەتتا ئینجیلەکەی نوسیوە بۆ ئەوجووانەی کە بوون بەمەسیحی لەژور شەلیم لەبەرئەمە بەزمانی ئارامی نوسراوە کەزمانی ئەوسایان بووە وە دوای ئەمە بەرچڤە کرا بەیۆنانی ، مەتتا ویستی دەری بخات بۆ جووەکان کەعیسا ئەو مەسیحەیە کە خۆیان چاوەڕوانی ئەکەن بەگوێرەی نووسراوی پێغەمبەرەکان وە بەراستی عیسا کوڕی شاه داوودەو لەخێڵی ئەوە لەبەر ئەمە مەتتا زوو زوو باسي ئەم نوسراوانە ئەکات .

١ — مەتتا بنچینەی عیسا لە ئیبراهیمەوە ئەباتە سەر یەعقوب کەباوکی سروشتی یوسفە وباوکی یوسف [ عالی ] بووە بەگوێرەی یاسا چونکە کە عالی کۆچی دوایی کردووە براکەی یەعقوب ، براژنی خۆی هێناوە وە یوسفی لێی بووە بەگوێرەی یاسا ٥/٢٥ : ئەگەر دوو برا هەبن وەیەکێکیان بمرێ بەبێ نەوە ، با براکەی تری بیهێنێ وەنەوەی بۆبهێڵێ .

مەتتا ئەم زنجیرەی کەداناوە بەسێ بەش ، چواردەیی داناوە لەبەر ئەمە ناچار بووە ناوی سێ پادشاه نەنوسی کە ئەمانەن : ئەحزیا و یوئاش و ئەمسیا .

— ٣ —

وێنەی لاپەڕەیەك لە ئینجیلی ڕزگارکەر

# بەرهەمەکانی کەریم زەند

مامۆستا کەریم زەند ٣٠ بۆ٤٠ دانراو و وەرگێڕان و دەستنووسی هەیە. ١٥ بەرهەمی چاپکراوە، ٤٨٨ زنجیرە وتاری لەبارەی جوگرافیای کوردستان و بابەتگەلی دیەکەوە، بە زمانی عەرەبی و کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

ئەمانەی خوارەوەش ناوی بەشێکی دیکەن لە بەرهەمەکانی کەریم زەند.

- بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان و ئازەربایجان، بەغداد، ١٩٥٩ .
- سەرنجێك لە ئابووری ڕامیاری، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی ١٩٥٩ .
- مێژووی نەژاد و پەیوەستەگی کورد، وەرگێڕدراو بەهاوبەشی لەگەڵ قانع پێنجوێنی شاعیر، ١٩٦٩ .
- جوگرافیای کوردستان بە کورتی، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی ١٩٥٩ .
- میللەتی کورد، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی ١٩٥٩.
- ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٠.
- ئینجیلی ڕزگارکەر، بە هاوبەشی لەگەڵ قەشە یوسف سلێمان پەری، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٢.
- زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٧.
- گەشتنامەی زەند.
- جوگرافیای کوردستان.
- پیرۆزگا، بیرەوەری لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد.
- تۆماری تەمەن، پێنج بەرگ.

# سەرەتای دەستپێکردنی گەڕیدەیی لەلایەن کەریم زەندەوە

لەبارەی چۆنیەتی ئاشنابوون و کەوتنە خولیایی گەڕیدەیی، مامۆستا کەریم زەند ڕووداوێکی سەردەمی منداڵی خۆی گێڕاوەتەوە. هەر بۆیە دەکرێت ئەو چیرۆك و ڕووداوەی ژیانی وەك سەرەتا و پاڵنەری ئەو کارەی مامۆستا کەریم زەند لێك بدرێتەوە. لەو بارەیەوە مامۆستا گوتویەتی:

لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم، تەمەنم کەم بوو، لە ڕووی جەستەییەوە لاواز بووم. لەو کاتەدا مامۆستاکانم سەرقاڵی ئامادەکردنی گەشتێکی فێرگەیی بوون بۆ گوندی «وێڵەدەر». مامۆستاکەم بەهۆی لاوازی و هەڵکەوتەی جەستەمەوە، ناوی منی بۆ گەشتەکە نەنووسی! منیش ئەوە کاری تێکردم چونکە باوکم نەمابوو و لە سۆزی باوکایەتی بێبەش بووم، هەروەها زیرەک و هەڵکەوتە بووم لە وانەکانمدا. هاتمە ماڵەوە بە دایکم گوت: تێشووم بۆ ئامادە بکە، دوو هێلکەم بۆ بکوڵێنە، بەیانی زوو پێشیان دەکەوم. پێش ئەوان گەیشتمە شوێنی دیاریکراو لە ئاوایی وێڵەدەر. بەو شێوەیە سەرنجی هاوڕێکان و مامۆستاکانیشم ڕاکێشا.

پاشان ئەوە بووە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانمدا، بڕیارمدا هەموو کوردستان بە پێ بگەڕێم، لەوەش زیاتر بەڵێنم بە خۆم دا ئەگەر بۆم بکرێت دەرەوەی کوردستانیش بگەڕێم. لە پاش ئەوە هەموو ساڵێک هاوینان دەچوومە دەرەوە، بە پێ دەچووم بۆ شارباژێڕ، پێنجوێن، چوارتا، شیوەکەل، سیوەیل. ئەو خولیایە هەتا دەهات زیاتر و زیاتر گەشەی دەسەند.

لە ساڵی ١٩٣٦ەوە ئەم گەشتانەم دەستپێکردووە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٥ەوە بە شێوەیەکی چڕوپڕتر دەستم پێکرد. لە یەکێك لە گەشتەکانیدا، مامۆستا کەریم زەند بەپێ چووە بۆ مەهاباد، کە چواردە ڕۆژی خایاندووە (بە حەوت ڕۆژ چووە، بە

حەوت ڕۆژیش گەڕاوەتەوە). هەر بە پێش ڕۆیشتووە بۆ نەغەدە و تەنانەت بۆ یەکێتی سۆڤیەت. هەموو ئەوانە کاریگەرییان هەبووە بۆ نووسینەوەی جوگرافیا.

مامۆستا لەبارەی گەڕان و سەفەرەکانیەوە باسی لە سەفەرێکی تایبەت بۆ قاهیرە کردووە و گوتویەتی:

من چووم بۆ قاهیرە بۆ تەلئەمارنە کە ٥٠٠ کیلۆمەتر. لە خوار قاهیرەوەیە بۆ ئەوەی بزانم مێژووی کورد لەگەڵ فیرعەونەکاندا چۆن بووە.

کە دەچوومە شوێنێک بۆ حەسانەوە یان شوێنێکی گونجاو کە مەترسیم لەسەر نەبووایە، هەموو یاداشتەکانی ئەو ماوەیەم دەنووسییەوە، بێجگە لەوانەش کاری زۆرم بە سەرچاوەکان بووە. چوومە ئێران جوگرافیای ڕۆژئاوای ئێران کە ڕەزمارا نوسیویەتی و هەموو کەرتەکانی جوگرافیای نیزامی ئێرانیم وەرگێڕاوە و سوودم لێ وەرگرتووە. هەروەها وەک نەخشەی تۆپۆگرافی وڵاتەکان سوودم لە جوگرافیای تورکیا وەرگرتووە. سەرەڕای گەڕانی مەیدانی خۆم هەموویم جێبەجێ کردووە، هەروەها تەواوی جوگرافیای کوردستانم لەماوەی سیازدە ساڵدا بەشێوەیەکی مەیدانیی و بە پێ پشکنیوە، هەر لە باشووری ئەرمینیاوە هەتاوەکو کەنداو لە دامێنی چیاکانی زاگرۆسەوە هەتاوەکو ئەسکەندەرون و ناوچەی ڕاژۆ، هەمووی گەڕاوم و تاپۆی ڕەسمیم بۆ منداڵانی کوردستان ساخ کردووەتەوە. واتە هێڵی دیواری نەتەوەیی و سنووری هەموو کوردستان، خۆم جێگیرم کردووە و ناوچەی بەرەنگاربوونەوەی تورکمان و عەرەبیش، ئەمانە و نەخشەی تۆپۆگرافی و جوگرافیای کوردستانم تێدا کردووە.

ئەو جوگرافیایە چاپ نەکرا هەتا ١٩٥٨. دوای پەنجا و هەشت لە ڕۆژنامەی ژیندا هەندێکم بڵاو کردەوە. لە گۆڤاری «ڕۆژی نوێ»شدا کە پارێزەر جەمال شاڵی بەرپرس بوو. د. ئیحسان فواد، کامەران موکری، عەبدوڵڵا ئەژدەر و محەڕەم

محەممەد ئەمین، خۆشم یەکێک بووین لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە و گۆشەیەکی تایبەت کرابوو بۆ من کە جوگرافیای کوردستان بۆ یەکەم جار لە مێژووی نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا تێدا بنووسمەوە.

پیشەی گەڕیدەیی بۆ مامۆستا بێکێشە و دەردەسەری نەبووە، بەڵکو لە چەندین وێستگەی ژیانیدا تووشی مەترسی بووە. بۆیە زۆرجار نەیتوانیوە پێداویستییەکانی تایبەت بە گەڕیدەیی و پیشەکەی لەگەڵ خۆی ببات. هەر بۆیە سەبارەت بەو باسەش دواوە و گوتوویەتی:

کە سەردانی وڵاتانی دراوسێم دەکرد، نەمدەتوانی خۆم ئاشکرا بکەم، چونکە ئەگەر لە ئێران و تورکیا دەستگیرکرابام  ئەوا دەیانخستمە زیندانەوە و ئازاریش دەدرام، لەبەر ئەوە نەمتوانیوە کامێرا هەڵبگرم یان شتێکی وەها کە هەستم پێ بکەن، بەڵکو تەواوی ئەو شتانەم بە سەلیقە و چاودێریی خۆم سەرنجم داون. واتە بووە بە پیشەیەکی گەڕیدەیی و ناسینی ئەو جێگایانە و بەرزی شاخەکان و ڕووبارەکان، ئەمانەم هەمووی نووسیوەتەوە و بووە بە جوگرافیای گشتی. واتە ئەو جوگرافیایەی کە من نووسیومە، جوگرافیای گشتییە و زۆر گرنگە. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا لە زانکۆکاندا گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. گرنگی نەك هەر بە بەرهەم و کاری گەڕیدەییەکەم نەدراوە، بەڵکو خودی خۆشم وەکو گەڕیدە و جوگرافیناس ئەو بایەخەم پێنەدراوە و بە ئەندازەی پێویست ئاوڕم لێنەدراوەتەوە. یاخودا بایی ئەوە ڕێزم لێ نەگیراوە کە ئەو کارەم کردووە کە کەس هەتا ئێستا نەیتوانیوە بیکات.

لەبارەی فێربوونی زمان و خولیای بۆ فێربوونی زمان، مامۆستا کەریم زەند، شەش زمانی زانیوە، کە ئەوانیش بریتی بوون لە کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، فارسی و فەڕەنسی.

سـەبارەت بـە خوليـا و عەشـقی بـۆ کاری گەڕیدەیـی و لێکۆڵینـەوە، مامۆسـتا بـاسی بەسـەرهاتێکی خـۆی دەکات کاتێـك لـە خانـەی مامۆسـتایان خوێندوویـەتی. مامۆسـتا لـەو بارەیـەوە گوتویـەتی:

کاتێـك کـە لـە قۆناغـی دووەمـی خانـەی مامۆسـتایان بـووم، ئاشـنایەتیم لەگـەڵ عەبدولکەریـم دوجەیلـی پەیـدا کـرد. ئـەو پیاوێکـی نوسـەر و ئەدیـب و عەرەبیـزان و شـاعیریش بـوو، زۆر پیـاوی چـاک بـوو، ڕەگەزپەرسـتی نەدەکـرد. ڕۆژێـک باسـی ئێزیدییەکانـی بـۆ کردیـن، گوتـی: برایـان کـێ زانیـاری لەبـارەی ئێزیدییەکانـەوە هەیـە؟ حـەز دەکـەم بزانـم چیـن، دەمەوێـت ڕەچەڵـەک و بنەڕەتیـان بزانـم. منیـش دەسـتم هەڵبـڕی و گوتـم: مامۆسـتا ئەگـەر بـوارم پێبدەیـت، مـن زانیاریـت لەبـارەی ئێزیدییەکانـەوە بـۆ دەهێنـم. دوای ئـەوەی کـە ڕێگـەی دام، گوتـم کـە بـە یـەک دوو هەفتـە چیـت دەوێـت بـۆت ئامـادە دەکـەم.

برایانـی ئێزیـدی لـەوێ هەبـوون، کتێبخانـەش هەبـوو، چـووم لـە دەرەوە و نـاوەوە بەدوایـدا گـەڕام. خەتیشـم ناخـۆش نەبـوو، پاشـان لـە فایلێکـی جوانـدا و بـە خەتێکـی خـۆش و پـاراو ئامـادەم کـرد. دوو هەفتەشـی پـێ نەچـوو ڕاپۆرتەکـەم ئامـادە کـرد و کاتێـك کـە هاتـە پۆلـەوە چوومـە بەردەمـی و سـڵاوێکم لـێ کـرد و گوتـم: مامۆسـتا کارەکەتـم ئەنجامـداوە. زۆری پـێ خـۆش بـوو، لـە پێشـدا بـە بێدەنگـی خوێندیـەوە، پاشـان بـە هەسـتێکی تایبەتـەوە دەنگـی خـۆی هەڵبـڕی و گـەڕا بـە ژوورەکانـدا و گوتـی: خوێندکارێکـی کـورد ئەمـەی نووسـیوە.

# کەریم زەند و سیاسەت

مامۆستا کەریم زەند لەبارەی سیاسەت و کارکردنی لەو بوارەدا، بەمجۆرە باسی ئەم لایەنەی ژیانی کردووە.

من زۆرتر سەرقاڵی سیاسەت بووم. لە ساڵی ١٩٣٨ەوە لە شۆڕشی شێخ مەحمودەوە پەیوەست بە کاروباری سیاسەت بووم. کە هاوینان دەهاتینەوە بۆ ئێرە، خوالێخۆشبوو ئەحمەد هەردی کە مرۆڤێکی زۆر بەڕێز و هاوڕێیەکی چاک بوو، ئەو یەکێك بوو لە گەنجەکانی گەڕەکی گۆیژە و منیش لاوێکی گەڕەکی مەڵکەندی بووم. سەردانی یەکترمان دەکرد. کە دەچووم بۆ لای ئەو، کتێبی نووسەرانی وەکو جوبران خەلیل جوبران و چیرۆک و ڕۆمان و ئەو شتانەی دەخوێندەوە. ئێمە لە ئاستی ئەوەدا نەبووین تەنانەت گفتوگۆشی لەگەڵدا بکەین، ئەو لە ڕووی سیاسییەوە زانیاری زۆر کەم بوو، بەڵام زانیاری وێژەیی زۆر بەرزتر بوو لە ئێمە.

ڕۆژێکیان سەردانمان کرد کتێبێکی دامێ و گوتی: حەزدەکەم بیخوێنیتەوە، چونکە تۆ بۆ ئەوانە وریای، کتێبی (لانەوازان) بوو. منیش کە خوێنمەوە چێژی ئەدەبیم لێوەرگرت، یانی ئێمە مامۆستای سیاسی ئەو بووین و ئەویش مامۆستای ئەدەب و وێژەیی ئێمە بوو. هاوکاری یەکتر بووین. لەوەوە من دەستم کرد بە نووسینی بابەتگەلی ئەدەبی و لە گۆڤاری «گەلاوێژ و ژین» دەستم بە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانم کرد.

## سەرچاوەکان

- ڕۆژنامەی باسنیوز، ژ. ٢٨٢

- ڕۆژنامەی خەندان، یادەوەری ئاسۆ ژ. ١٣٠٧

- پەڕتووکی گەشتی تەمەن

کەریم زەند و چەند مامۆستایەکی هاوڕێی ١٩٦٧



مامۆستا کەریم لە ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی. ١٩٨٤




ماموٚستا کەریم زەند لە یادی موفتی پێنجوێنیدا. ٢٠٠٤





کەریم زەند لە کۆشکی کۆنگرەکان لە هەولێر ١٩٨٧.



کەریم زەند. ١٩٦٤

کەریم زەند لە فێستیڤاڵی پێشەوا لە هەولێر. ٢٠٠٥



کەریم زەند، د. یوسف پەری، قادر برسی



کەریم زەند لە پێنجوێن. ١٩٥٢



ئامینە خانی خێزانی مامۆستا کەریم زەند




لەتیف هەڵمەتی شاعیر، وەرزیری ڕۆشنبیری شێخ محەممەد شاکەلی، مامۆستا کەریم زەند. ٢٠٠٠



کەریم زەند و ئامینە خان لە هۆڵی تەوار. ٢٠١٠





کەریم زەند لە یەکێتی سۆڤیەت. ١٩٤٨

کەریم زەند لە کاتی وەرگرتنی خەڵات لە لایەن جەنابی مەسعود بارزانییەوە



کەریم زەند لە خولی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا.



کەریم زەند و پ. د. مارف خەزنەدار. ٢٠٠٦



کەریم زەند و ئامینە خان و قەشە سلیوە کیونیەی. هۆڵی تەوار، سلێمانی. ٢٠١٠



# پڕۆفایل

- لە ساڵی ١٩٢٤ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە.
- لە ساڵی ١٩٣٨ تێکەڵی کاری سیاسی بووە.
- لە ساڵی ١٩٤٤ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٩٤٦ بەشداری کۆماری کوردستانی کردووە لە مهاباد و نوێنەری پێشەوا قازی محەمەد بووە لە بۆکان.
- نزیکەی ٤٠ کتێبی دانراو و دەستووسی هەیە و ١٥ دانەیان لێ چاپکراوە.
- لە ساڵی ١٩٧٢ ئینجیلی پیرۆزی وەرگێڕاوە.
- لە ساڵانی حەفتاکان دبلۆمی خوێندووە لە قاهیرە.
- لە زانکۆی ماینز لە گۆتەنبۆرگ پلەی پرۆفیسۆری پێ بەخشراوە.
- لە ساڵی ٢٠١٧ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.